بوژانەوەی ‘ناسیۆنالیزمی نوێ’ لە جیهاندا … نەوزاد جەمال

بڕوسکەندنی ‘ناسیۆنالیزمی نوێ’، دەرکەوتەکە ناکرێ ئەمڕۆ لەسەرکەوتنی کاندیدێ سیاسیەکاندا نادیدە بگیرێت. ئەوەی مایەی سەرنجە، ڕژبەرژ پارتە ڕاستڕەوە نژادپەرستەکان لە بەهەزبوونداون. گوتاری سیاسی لەهەبژاردندا، چەندە ئاوبکات بۆ ئاشی نەتەوەپەرستی و سەروەری خاک و ناسنامەی میلی و بزاندنی ئەویتری بیانیدا، ئەوەندەش ئۆگری دەرچوونی زیترێ.

لەکاتێکدا زیادەڕەوی نیێ ئۆگر بەیەن، سەردەمانک وشەی ‘ناسیۆنالیزم’ جنۆوکی سیاسی ناحەزبووە. بەشکی زۆر لەروناکبیران و سیاسییەکان خۆیان لەبەدوورگرتووە. چونکە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە یەکسانکراوە بەسەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم و ڕاسیزم. ئەو جەنگاوەڵکاری و سیاسەتە پاکتاوکردنە نژادییەی لژێر پێستی ئەم ئایدۆلۆجیە مترسیدارەوە هاتەدەر، پێویستی خۆناویە لەمژوودا.

بەڵام، زەرمان پەمانوایە کەبیرکەی ناسیۆنالیزم هی سەدیەک لەمەوبەر. پاش لەکەوتە وەرانکاریەکانی، چووتە خانەی مژووەو ئەو پێشکەوتنەی لەمژوو هەیدراوەتەوە. لەکاتێکدا، ئەمە لەسەر ئاستی جیهان دەرکەوتی سیاسی و سەرکردەگەلێک دەبینین، کە هەمان تەرزی گوتاری سیاسی هیتلەرو مسلینی و کە و کەیان هەیە. بەسەرنجدانی گوتاری سیاسی ‘ترەمپ’و ‘ماری لەپین'(فەرەنسا)و ‘خەرت ڤیلدەر'(هۆڵندا)، ‘پوتین’و ئەردەگان و چەندان کاراکتەری سیاسی لە چین و پۆڵندا، هەنگاریاو نەمساو بەلجیکاو بەریتانیاو سویدو هندستان و هتد… خاڵی هاوبەش و لەکچوویان لەوەدادەبینینەوە کە: ناسیۆنالیزمەکی فاشیستانە لەبوژانەوەدایە.

سەرهەڵدانەوەو بەجەماوەری بوونی ئەم کاراکتەرە ناسیۆنالیستە نویانە، جارەکتر پرسی ئاوابوونی ناسیۆنالیزم زیندووەکاتەوە. پاڵوراوەکانی لیستە ناسیۆنالیستە جەماوەریەکان، لەژێر شوێنی جیهاندا نزیکن لەگەیشتن بەدەسەڵات. لەڕاوە، دەبێت سەرهەڵدانەوەی ‘ناسیۆنالیزمی نوێ’ هەکارو پاڵنەری خۆی هەبێت. ئاخر ناکرێت، دیموکراسی نوێنەرایەتی و دامەزراوەی سیاسی، دەستبژێر(ئیلیتە)ی سیاسی وابەئاسانی لاوازبن. لەبەرامبەریشدا کاراکتەری پێگیر بەدەنگی جەماوەریی و بەهەگبەی خاڵی لەئەزموونی سیاسیەوە، جەگیان بگرنەوە.

بزوتنەوەی بریکست-چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورپا، بەشێکی دەگمەنەوە بە گوتاری سیاسەتی ناسنامە. بەیە، زۆربەی لپارتەکان، باشترین و ئاسانترین رێگە بە بەدەستهێنانی پشتیوانی دەنگدەران، ئەمڕۆ پرسی پەنابەرو کۆچبەرو مسوگەمان بەکاردەهێنن. چونکە، باش دەزانن کەمڕۆگەو تاکی ئەورپی لەسیاسەتدا خەمساربووە. سیاسەتی بە دامەزراوەی فەرمانڕەوایی بەجێهشتووە. ئیدی، بڕیارەی ئەو کارەکتەر پپولیستیانە بگرنە دەسەڵات، دەبێت پرسی هەستیاری ئاین و نەژاد بکرنە پێیژەی گەیشتن.
رەنگە، سەیر بێت کە چۆن سیاسیەکی فاشیست لەم سەردەمەو لەوپاتەکی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و پشکۆتنی زانست و کولتوردا، دەنگی زۆرینە بهێنێت. وەڵە، سەیرنیە کەسێتی هاوشێوەی ئەردۆگان لەژێر گوتاری سیاسی ‘گەڕانەوەی مەزنێتی بە تورکیا’ زیندانەکانی پڕبکات لەنێیارەکانی. سەرۆک ‘پوتین’ چۆن بۆی دەچێتەسەر کە لەناوجەرگەی خەرمانەی ناوەڕاستدا، شێ لەسەر مانەوەی رژێمی ئەسەدو بەبەهانەی لەدانی داعشەوە شارو وڵات کاولبکات؟ چۆن، کەسێکی وەک ترەمپ، نەریتی دامەزراوەی سیاسی تەدپێنێت و دەبێتە کاریزمایەکی سیاسی؟
بەهەمان شێوە، ئەو پرسیارەش راستە؛ ئاخە چۆن ‘هیتلەر’و ‘مسلینی’ و رژەمە تۆتالیتەرەکان بەئاسانی ملیۆنەها مرۆڤیان کردە قوربانی ئەنگیزەو بیرەکەی فاشیستی خۆیان؟ وەڵامدانەوەی ئەوەی ئەستە کەلەجیهاندا دەگوزەرێت، ئەو رووبەڕوتاریکەی مژووشمان بە رەشن بکاتەوە. بەڵای سەیرلەگی ناسراو ‘زیگمەند باومان'(لەوتارێکدا: ‘چۆن لیبرالیزمی ریگەی بە ترەمپ خەشکەرد’ لەماڵپەڕی: socialeeurope.eu/zygmunt-bauman)، تێزەکەی بیرمەندنی ئەمانی ‘کارڵ شمید’ تیشکێک دەخاتەسەر ئەوەی چۆن سەرکردەی فاشیست، پشتیوانی جماوەری بەدەستدەهێنێت.
لەکتێبی(Political Theology) شمید، پێناسەی هەژموونی دەسەڵات/هێز بەرەسای “بیاردەر”(decisionist) ناودەبات. هەژموونی دەسەڵات بریتیە لەرەسای بیاردان و توانای یەکلاکردنەوەو سپاندنی. ئەو سەرکردەیەی کە بە بڕە و سەرسامی جماوەر دروشمی ‘یەکێتی گەل’ و ‘یەک دەوڵەت’ و ‘یەک سەرکردە’ بەرزدەکاتەوە، دەتوانێت بەئاسانی خەی بسپێنێت. چونکە، بەهەمان میکانیزم هیتلەر لە (1935) توانی رای زۆرینە بەخەی بهێنێت.
سەرکردەی بیاردەر جگەلە گوڕایەلی جماوەر هیچیتری ناوێت. کاتێک، بیارەکانی هیچ رێگرو سنووریەکی بە نابێت، وەکچۆن لەسەددەکانی ناوەڕاستدا، فەرمانڕەوایەتی وەک مافێکی خودایی-یەزدانی تەماشا دەکرا. بەیە، سەکردەی بیاردەر، لە رەهاگەری

نزیکدەبتەوەو وەک خودایەک رازی نابێت کاروبارەکەی خۆی بە کەس
رووبکاتەوە. مافی پرسیارکردن و لێپرسینەوەش لە هەموو کەسێک
زەوتدەکات و مافی لێپرسینەوە لە هەمووش بخۆی دەدات. دواجار،
بۆئاسان باز بەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتکانی یاسادانان،
جێبەجێکردن و قەزاییدا دەدات.
بیرکەی 'دوژمنسازیی' خاڵکیترێ کە 'باومان' جەختیلەدەکاتەوەو
ئاماژە بەتەزەکی ناسراوی بیرمەندی ئیتالی 'ئومبێرتۆ ئیکۆ'
بەناوی(Making an Enemy) دەدات. بەڵای 'ئومبێرتۆ'، هەبوونی
دوژمن و نەیار نەک هەر گرنگ و پێویستە بۆ پێناسەکردنی ناسنامە،
بەڵکو مەرجە بۆئەوەی پۆرەکانی سیستمی بۆهایی خەمان تێپەڕنین.
هاوکات، بۆهای خەمان لەبەرامبەر ئۆیتردا نیشانبدەین. ئەمە
دوژمنمان پێویستە، تابزانین خەمان کێین و کێش نین. زانینی ئەمەش،
مەرجە بۆ خۆپەسەندیی و متمانە بەخۆ. لەبەرئەوە، ئەگەر دوژمن و
نەیاریش نەبێت، دەبێت دایبهێنن و دروستکەین!
هەمیشە، دوژمن و نەیاریش ئەوانەن کەلەخەمان جیاوازترو خاوەنی
نەریتکن کە لەهی ئەمە ناچێت! لەرەوە، ئەو دوژمنەی ئەو کارەکتەر
سیاسیانە گرەوی لەسەردەکەن، ئۆیتری نامۆ بیانییە. جگەلەوەش،
'خاک و خوێن و نەژاد' پێکهێنەری سەرەکی ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمەن.
بۆیە، گەڕانکارییەکی گەورەدەبینین کە گوتاری سیاسی لەبیرکەی
هاوڵاتی نیشتمانیەوە، بۆرەو بیرکەی پیرۆزی خاک دەڕوات و
بەپشمەرجی هاوڵاتیبوونیان دادەنێت. جگەلەوەی دیدیکی رەمانسیانە
بە باڵایی نەریتی باوان و ناسنامەی نەتەوەیی لەفەرمکی بەرتەسکدا
کەدەکاتەوە.
ئەمڕۆ لەئۆرپاو خۆرئاوادا، ئۆیتری نامەی سەرەڕۆش و موسەمان،
خۆرهەڵاتی و هتد… باشترین میکانیزمی سەنگەر بەهێزکردنی ئەم
گوتارە ناسیۆنالیستییە. بۆنموونە، 'ئۆیتر' لەسیاسەتی تورکیادا
هەمیشە 'کورد'ی ناجەربووە. ئەمڕۆ 'ئۆردگان' بۆئاسانی هەست
بەپشتیوانی خۆی دەکات، چونکە بۆناوی لەدانی ئۆیتری تیرۆریستەوە،
کۆشکی دەسەڵاتی رۆها قایمدەکات. بەهەمان میکانیزمیش، سەرکردە
فاشیستەکانی جیهان، پاساوی پێناباڕ، زەربوونی بیانی و مەترسی
هاتنی ئایینی خۆرهەڵات و خراپی ئابووری و زەربەی قەیرانەکان
دەخەنە ئەستۆی ئۆیترەکی بیانیی.
لەپێناو ئەو دوژمنسازییەشدا، ناسنامەی کولتووری، نەژادو پێست و
پاشخانی شارستانی دەکرێتە پاساوی رەوایەتیدان. هەبەت، گەلانەوەی
فاشیزم بە ناو کایەی سیاسەت بەو ئاسانی و خرایی، بەڵای نووسەری
هەندی 'ڕۆب ریمن' بە شکست و کۆتنی دەستبژێری سیاسی، قەیرانی
کولتووری و رۆحی و مایەپووچی سیستمی پەروەردە دەگەڕێتەوە. ئەمەش

هەمان ئەو چرکەساتەمژووییە کە سەدیەک لەمەوبەر لەئارادابووە کاتێک گەورە رەمانتوسی ئەڵمانی ‘تۆماس مان’ لەسیەکاندا، هەشداری سەرهەڵدانی ‘هیتلەر’ی دا. بەڵای ئەو، زەمینە سەرکەوتنی ئەو کارەکتەرە ‘بەشایی و کەلەبەری دەروونی’یە.
دیارە، ‘ڕۆب ریمن’ ڕاکەی ‘نیتشە’ دووبارەدەکاتەوە کەدەڵێت: ‘کاتێک خوێندنوپەروەردە لەوەدا کورتکرایەوە کە تەنها بە ئابووری و دەوڵەت بایەخ بدرێت’، ئیتر، بەشایی دەروونی و قەیرانی کولتووری سەرهەڵدەدات. دواجاریش ڕەگەکە بۆ کەسێکی فاشیست ئاسانە کەجەوی دەسەڵات بگرێتەدەست. لەم سۆنگەوە وتەکەی ‘ترەمپ’ لەمانگی (٢)دا شایەتحاڵێکە کەووتی:”من کەمخوێندەوارم خۆشدەوێت”! چونکە، ئەو چینە بەرینە، پشتوپەنایەکی سەرکەوتنین.
لەڕاوە، کە ‘هیتلەر’ بۆئاسانی بووە جێگەی متمانەی خەڵکی. لەبەرئەوەی سەر بەدەستەبژێری سیاسی نەبوو. چونکە، خەڵکی ئەم چینەی لەقەیرانکانی ئەڵمانیا بەبەرپرسیار دەزانی. بۆیە، ‘هیتلەر’و ‘ترەمپ’ هەمیشە ڕەخنەیان لەدامەزراوەی سیاسی دەگرت و خۆیان بەبەشێک لەو سیستەمە دانەدەنا. ئەمەش، زەمینەی جەماوەریانی بەهێزترکرد. شایەنی باسە، کاتێک لەسالانی چلەکاندا ‘تۆماس مان’ سەمینارێکی لەبارەی هیتلەرەوە لەئەمریکا پێشکەشکرد، ئاگاداری کردنەوە لەوەی کە: ‘ئەگەر فاشیزم ڕۆژێک گەیشتە ئەمریکا، ئەوا ئەوسا بەناوی ئازادییەوە دەبێت’!
کەواتە، بڕوسەندن و سەرهەڵدانەوەی ناسیونالیزمی نوێ، بەشێکی بە سیاسی فاشیست دەگوتێتەوە. سەرکردەیەکی ڕەهاخوازو ئۆتۆکراسی. هاوکات، گەمەکردن لەسەر پێتی دوژمنایەتی خەمان و لەبەرامبەر ئەوان. و نۆتەوەی خەمان لەسەروو هەموو شتێکەوە. ئەمانە، هەموو ڕەخنشکەرن بۆ ئەو بارودۆخە سیاسیەی جیهان ببینێ مەیدانی لەباری ناسیونالیستە نوێکان. بۆئاشکرا لەزار وڵاتی خۆرئاوادا وەرچەرخانێک لە هاولاتیبوونی گەردوون و نیشتمانیەوە، بۆ خوین-خاک و نژاد گۆاوە. هەستی نیشتمانپەروەری ئەرنێی گۆاوە بۆنژادپەرستی و بەهەموو بەهانەیەکی فاشیستی پاساودراوەتەوە.
ئیدی، گوتاری داخستنی سنووڕکان بەرووی بیانیکاندا، باشترین گوێگرو بنەمای بۆ دەکرێت. لەهەمووشی سەیرتر ئەو پارادۆکسی ئەم ناسیونالیزمە نوێیە. بەدیوێکدا لەسەرئاستی نەودەوڵەتی کەلەنیالیزمانە فراوانخواز. لەلایەکیش جەخت لەسەر دەمەزرکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و نژادی خۆی بەداخستنی سنووڕکانییدا دەکات. هاوکات، دەستوردەداتە بارودۆخی وڵاتانی پاشکۆتوو و پاپشتی ستەمکاری سیاسی دەکات. پەدچێت، ئەو جۆرە وڵاتانە دژبەڵشاوی پێناببڕو کەچبڕبن، بەنام پێویستیان بۆ زۆرۆتی مانەوی ئەو

مەترسیە هەیە تاوێک دوژمنی و نەیار لە نیشتمانی خۆیاندا، بە بەدەستهێنانی پاپشتی جەماوەری سوودی لەو رگرن.

سەرنج: وەنەکە ئاماژەیەک بچێند سەکردەیەکی ناسیۆنالیستی نوێ لەجیهاندا

هزری نەرم و هەژاوسانی خود لای سیاسەتوانی کورد ... محەمەد تەها حوسێن

هزری سیاسی لەم سەرزەمینەی ئێمەدا هیچ کاتێك لە چوارچێوەیەکی پەروەردەیی نەئاخنراوە، ئەم ئەرکە بە مانا مەدڕن و عەقلانیەکەی هەرگیز لە ئەستۆی جولانەوە سیاسیەکانی کورد نەبووە، پەروەردەکردن پڕۆسەسێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری درێژخایەنە و تەنها بە رێژنامەیەك و گۆڤارێك و رادیۆیەك و دووسێ کتێبوونەوەی رێکخراوەیی ئەوسا و ئێستا نایەتە دی.

پەروەردەی سیاسی ئامادەباشیەکی عەقڵی پێدەوێ بۆ ئەوەی هاوڵێك لەگەڵ پەروەردە لە بواڕەکانی تردا بژوات، بۆ پەروەردەی دەروونی ئەم ئامانجە بە ساغی بەدەوە ناچێ، ئامادەیی دەروونی لای هەر تاکێك مەرجێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کردەی گەیاندن لەنێو هەر جولانەوە و شۆڕش و گۆڕانکاریەکدا بە نیانی ببزوێ، تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هەرگیز لە ڕووی عەقڵیەوە ئامادە نەکراون، بەکو هەمیشە لایەنی هەڕچوون و سۆزی نێستالیژی و هەست بە گوناهیان وروژێنراوە و بە پوختی ئەم دێخە خراوەتە چوارچێوەی شور و حەماسەتی شۆڕشگێڕی و لە راستیشدا ئەم بارە سایکۆلۆژیە نەك هەر باڵانس لە هیچ دێخ و سەردەمێك بۆ تاك درووست ناکات، بەکو لە بنچینەدا باڵانسی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هزری دەشوێنێ.

هەندێ هەفتاری سیاسی هەن بە زەقی لە هەڵسوکەوتی سیاسیەکان دەردەکەون و ڕاستەوخۆ هەنگدانەوەی بارێکی ناهاوسەنگی دەروونی کەسەکەن و پەیوەست نین بە کەسێتی سیاسیەك یا نوێنەرێك لە بوارێکی

دیاریکراوی بەرپرسێتیدا دەردەکەوێ یا هەسوکەوت دەکا. سیاسیەکان لە بواری گشتی کاری خیاندا نابێ بەتەنها خیان بن، ئەوان هەوێستێك یا ڕایەکی گشتین، ئەوەندەی دەبێ خەڵك بن نیو ئەوەندە نابێ خیان بن، (خۆنەبوون) ئەوە نیە کەسەکە لە خودی خۆی بترازێ و خەسڵەتە سایکۆلۆژیەکانی خۆی وەك تاکێکی سەربەخێ ونکات، بەکو (ئەوانبوون) بە مانا سایکۆسیاسیەکەی جۆرێکی زۆر پێشکەوتووی (خۆبوونە) و لە ڕاستیشدا ڕەفتاری دیموکراسی بەو مانایە هەر ئەوەیە. کەسێك کە لە پێگە و پلە و پایەیەکی گشتیدا توانای ئەوەی هەبێ دەخی دەروونی و کۆمەایەتی و ئابووری و کولتووری هەواردارانی بخوێنتەوە ئەوە ژیریەکی کۆمەایەتی و هاوسەنگیەکی دەروونی ساغی هەیە و لە هەمان کاتدا پەیبردنێکی کۆمەایەتی ئەوتۆی هەیە ورد پەی بە گۆڕانکاریە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەکەی دەبات.

سیاسەت لەم هەڵمەی ئێمەدا لە تایپە سایکۆلۆژیە هەرە کلاسیکەکەی خۆرهەڵاتیشی تێپەڕاند کە ئەرستۆ ناوی نابوو (چەوسانەوەی ئاسیایی) و تاك تا ئەو ئاستە ملکەچ بووە توانای جولەی لێبڕاوە و قبولی ئەم دۆخەی خۆی دەکات. ئەو ڕەفتارانەی لە کاتی مومارەسەی کاری سیاسی لە کاراکتەرەکانی ئەو بوارەی دەبینین تەنها و تەنها خەسڵەتی کەسێتی خیانن و هەردەم بارە دەروونیە تاکە کەسیەکان لەسەر دۆخی سیاسی گشتی و دەرکەوتنی ئەوان و دیاردە و ڕوداوە سیاسیەکان ڕەنگ دەدەنەوە.
سیاسەتوانان لەم هەڵمەدا لە هەموو ساتو کاتێکی ژیاندا خیان بوون کەس بەقەد ئەوان وجودیانە ڕەنگدەرەوەی خیان نین، (ببە بەخێت) دروشمێکە نەك هەر لە نائاگای ئەوان ریشەی قووڵی هەیە بەکو زۆر وریایانە وەك (بوون بە خۆ) یەکی فەلسەفی بە ناوی جۆراوجۆر پێمان دەفرۆشنەوە. بوون بە خۆی فەلسەفی شایەتی ئەوەیان بۆ نادات کە کاراکتەرانی سیاسی بە ئاگان لە مانا و ریشە فەلسەفیەکانی ئەم چەمکە، ئەوە ڕەفتارە سیاسیەکانن لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەو پاڵنەرە سایکۆلۆژیە شاراوانەمان بۆ دەردەخەن کە لە پشت هەر هەسوکەوتێکی ئەوانەوەیە و دەرکەوتنەکانیشیان لەو ڕەفتارانەدا ساویلکەیی هۆشی ئەوانمان بۆ دەردەخا.

یەکێك لە خەسڵەتە بنەماییەکانی دەبێ لە کەسێتی سیاسەتوانی دیموکراتدا هەبێ(نیانی- flexibility)ە ئەوەی ئەم خەسڵەتەی هەبێ دەتوانێ هزری خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری و هەڵوستە جۆراوجۆرەکاندا بگونجێنێ و لە بەرانبەر پێشهاتێك یا پرسێکی دیاریکراودا چەندین

ئەلتەرنەیتیڤی جیاجیای هەبێ، کەسی لەم جۆرە وەڵامی هەمەڕەنگی هەیە بۆ تەنها پرسیارێك، خاوەنی ئەم مێنتالیتیە زۆر دوور دەبینێ و زۆر قووڵ شیدەکاتەوە و دەخوێنێتەوە.
سایکۆلۆژیەتی ناهاوسەنگی کاراکتەری سیاسی ئێمە لە ئاست خۆی نەوەستاوە، بگرە تەشەنەی کردووە جەستەی حزب و دواتر پانتایی هەواداران و ئینجا وەك کولتوورێك لە ناخی دەروونی تاکەکانمان چەقیوە. سیاسەت لێرە بە سەرسەختی و عینادیەکی ناعەقلانیانە بەرەوە دەچێ، عیناد وەستانە لەسەر یەك ئەلتەرنەیتیڤ و یەك وەڵام بۆ یەك پرسیار و یەك داواکاری، ئەوان واتە حزبەکان و سیاسیەکان لەوەتەی هەن یەك هەوڵستیان بەرانبەر یەکتر هەیە ئەویش هەوڵدانە بۆ یەکتر سڕینەوە و جێگەی یەکتر گرتنەوە. ئەم رق و نەگرتەیە لە هەوڵستی سیاسی بەرانبەر یەکتر چەسپینی خەسڵەتێکی دەروونی ئەوپەڕگیرە و مانای رەقهزری و سووربوون لەسەر یەك تاکە ڕا دەگەیەنێ، ئەمە لە سایکۆلۆژیای مەعریفیدا پێیدەڵێن Convergent Thinking واتە وەڵامێك ئەوەندە نزیك بۆ لە داواکەی تێ ڕێك ئەوە بۆ کە دەتەوێ و بە هیچ وەڵامێکی دیکەش رازی نەبیت.
ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە و رەفتاری سیاسی و مەعریفی بووەتە خەسڵەتێکی سەرەکی و سیاسیەکانی وڵاتی ئێمەی لە هەموو هەوڵستێکی دوور و نزیکیان پێ دەناسرێتەوە، ئەوە نیە دژی ئستای هەرێمیان بەم سەرسەختی و عینادیە نگەتیڤەی خۆیان گەیاندۆتە ئەم داخرانە و دەستەپاچەن لە هەر کرانەوەیەك بۆ ئەوەی هەر نەبێ هەناسەیەکی راحەت تر هەڵمژن؟.

ئەم عینادە ئەوە نیە کە ئاڕاستەد توینبی لە "باسێك لە مژوو" باسی دەکا و ئەو بۆچوونەش نیە کانت پێیوابوو بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن پێویستە، عیناد لێرەدا تەنها مانای سەرسەختی و وەستان و چەقین دەگەیەنێ و لە ڕووی مەعریفیشەوە جۆرێکی هەسەنە لە دگمی عەقڵی و سڕبوونی هزری. ئازایەتیش نیە چون ئازایەتی جۆرێکە لە حیکمەت و توانای گەیان بە دوای نەدزراوە و نەزانراوەکان نەك وەستانی دەروونی و جەستەیی بەرانبەر مەترسیە بوهیمیە فیزیکیە دەرەکیەکان.
بینین تەنها بە هەش یا سپی کۆریەکی عەقڵیە و ناچالاکیەکی زەینی خوو پێوەگیراوە بە درژایی مژووی کەمەایەتی و کولتووری ئەم سەرزەمینە بە وانە وتراوەتەوە و فێری نەوەکانمان کراوە، ئەم فێربوونی دەستەپاچەییە گوناهێکی گەورەیە ئستا زیاتر لە ئەستێی ئەوانەیە دەسەاتیان بە دەستە و لە ڕووی لێپرسینەوە و دادوەریە عەقلیەکانیش ئەوانەی کەمتەرخەمن بەرانبەری گەورەترین گوناهی مرۆقایەتیان دەکەوتە ئەستۆ چجای گوناهی نەتەوەیی و ئەخلاقی.

نیانی هزری یا باشتر وایە بڵێین گونجانی هزری یەکێکە لە خەسڵەتە دەروونیەکانی سەرکردە، واتە ئەوەی پێیدەڵێن سەرکردە دەبێ و بە سووربوون لەسەر (دەبێ) نیانهزر بێ و توانای گونجانی عەقڵی خۆی هەبێ لەگەڵ دەرکەوت و دیاردە هەمەجۆرەکان بێ ئەوەی بتوانێ بە ساغی لە رووی سایکۆلۆژیەوە بڕیار لە بارەیانەوە بدات. ئەم توانایە یا ئەم توخمە بەشێکی گرنگ لە هزری داهێنان پێکدەهێنێ کە بێ ئەرکێکی قورسی وەك سیاسەت و بەڕێوەبردنی سیاسی پێویستە، داهێنانی هەوەستی نوێ، و پلانی نوێ و نەخشەی دیبلۆماسی و کاری سیاسی نوێ داهێناوکن پێویستە زوو زوو لە کەسێتی سەرکردە دەرکەون. ئەگەر سیاسی ئەم توانا تایبەتەی نەبوو ئەوا ئەگەر بەهەر هەڵکەوتێکیش چووبێتە ئەو پایە و پلەیە شکست دەهێنێ و ئەم ناتوانایەش بە هەستوکەوت و هەوەستەکانیەوە بە ئاسانی دەناسرێتەوە.

مادام دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری ئێمە لەم سەرزەمینەی خۆمان بەم ڕۆژە هەرە سەختە گەیشتووە کە تیایدا جۆرێك لە داماوی و دەستەپاچەیی و لەولاشەوە سەرسەختی و وەستانەی پێوە دیارە، ئەوا ناتوانایی حزبی کوردی و کاراکتەری سیاسی کوردی نیشان دەدات بەرانبەر ئەو گرێ و کێشە دەروونیانەی تێئاڵاون و بەستی لێبڕیون و ئەوەندە توند بە خۆیانەوە بەستوونیەتەوە، توانای ئەوەیان نەماوە شێوازێکی دیکە لە مامەڵەی سیاسی بگرنە بەر بێ ئەوەی لەو زەلکاوە سایکۆلۆژیە ئینجا سیاسیە بێنە دەرەوە.
ئەم بە پاڵەوان لە خۆگەیشتنە لای سیاسەتوان و سەرکردەی سیاسی کوردی، دۆخێکی نادڕووستی دەروونیە بەر لەوەی کێشەیەکی سیاسی ئاڵۆزکاو بێت. پاڵانێد و هەڵاوسانی دەروونی لە ناوەوە تا ئەو ئاستەی بردوون بەڕاست خۆیان لێبڕتە بوونەوەری تر و خۆیان لەسەرووی مرۆڤی ئاسایی دەبینن، بەڵام لەوە بێ ئاگان کە کەسی تووشبوو بەم گرفتە لە دەرەوەڵا شەژان و ناهاوسەنگیەکانی زۆر بە ووونی بێ خەڵکی ئاسایی دەردەکەون و فیزیکیانە سەیر دەکرێن.

هەڵاوسانی دەروونی لای سیاسەتوانی کوردی لە خەسڵەتەکانی (بەخۆعاشقبوون و چڕبەری دەمەکی و هستیریای ڕەفتاری)دا گەیشتەتە ئەوج، شەژانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری وەتەکەمان زیاتر پەیوەستە بە شەژانی دەروونی سیاسیەکان و خەسڵەتە عوسابی و سایکۆسسەکانیان.
ئەو دۆخە ناهاوسەنگە تا ئەو ئاستە داخراو نیە بیخەینە نێو تیۆریزەکردنێکی خەمۆکیانەی ئەوتۆوە دەروونی خوێنەری زیاتر پێ

بشوێنین، بەکو ئومێد وەك ستراتیژێکی دەروونی پێزەتیق زیاد لە ڕێگەیەکمان بۆ چارەسەر دەخاتە بەر دەم. باشترین چارەسەر لای خودی سیاسەتوانان و حزبەکانیانە، مادام ئەوان زۆر بە زەقی بەم شێوەیە خۆیان بە کەمەگە ناسانند، ئەوا دەتوانن لە کێشەکانی خۆیان وریا بنەوە و وەك کارێ ڕۆجەرز دەڕ خۆیان دەتوانن چارەی خۆیان بکەن.

ئەم دۆخە بە گۆڕینی ستایلی بیرکردنەوەی خۆیان لەسەر خۆیان و لەسەر ئەوانی تر دەتە گۆڕین، کێشەکان لە نێو چوارچێوەی هزری خۆیاندان، ئەوەی سەری لەوانە تێکداوە تەنها شێوازی بیرکردنەوەیانە و بەس، پێداچوونەوەی سەرچاوە عەقیدەتیەکانیان و موتوربە کردنیان بە میکانیزمی دیکەی بیرکردنەوە و گونجاندنیان لەگەڵ هەلومەرجەکانی ئەم سەردەمە بۆیارێکی ستراتیژی پەروەردەیی و پیداگۆگی تازەیە و بۆ داهاتووی کەمەگەش دەبێ بە بنەمایەکی پتەو، هەر ئەوەشە دەیانکا بە کەسی نیانهزر و flexibil و لە راستیشدا بە تەنها ئەو ستایلە دەتوانێ بیرکردنەوەیان ڕاستەڕ بکاتەوە. سووربوون لەسەر ئەم ستایلە هەرە کلاسیکە دووچاری شڕپەنجەی دەروونیان دەکات و نموونەی ئەو مێگالۆمانیکانەشمان* لە مێژوودا زۆرن.

---

*نەخۆشیەکی دەروونی- عەقڵیە کەسەکە خۆی لێدەبێتە بانمرۆڤ و بەوەهمی فوودراویەوە دەژی.

مارا – ساد نمایشی شێشکی تۆاو نۆکراو … حسێن حسێن

لێگۆ ئۆوی شانۆنامەی مارا ـ ساد، باس لێ دۆخی دوای شۆشی فۆنسی دێکات، بەڵام وەك هەر کارێکی هونەریی و ئەدەبیی زیندوو بازنەی شوێنکات دەبەڕێت و بۆ زمانێکی جیهانی خۆم و خۆنەکانی مرۆڤی دوای شۆش دەردەبڕێت. هەر بۆیە بۆ نزیکی لێ سەرجەم ئۆو وەتانەی کە شۆشیان تیا کراوە، جارەك لێ ئاوەدانەوە و گۆڕانەوە بۆ ئەم شانۆگەرییە هەبووە و هەیە. چونکە بۆ نزیکی دۆخی دوای

هەموو شەشکان خاڵی لەکچوونیان زۆرە، هەر بۆیە نمایش کردنی بۆ لای هەر کەمێگەیەکەوە دروستکردنی رایەڵەیەکی پێوەندی و دڵزینەوەی خاڵ لەکچووکانی نەوان شانامکە و دەخی کەمایەتی دوای شەشە.
جاری یەکەم کە شانۆگەریی مارا – سادم بینی لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا بوو، کە لەلایەن تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردیەوە نمایش کرا و هونەرمەند شەماڵ عومەر دۆری هەنا بوو. ئەو کاتە زۆر لە شانۆگەریەکە حاڵی نەبووم، ئەمەش لە لایەکەوە بەهۆی پاشخانی ڕەشنبیریی خەمۆ بوو، لە لەلایەکی تریشەوە بە هۆی ئەوەی شانۆیەکە خۆی کارەکی سادە و ئاسان نیە و شانۆیەکی ئەزموونگەریە کە تێدا پیتر قایس بە شێوەیەکی جیاواز ئایدیا هونەری و فیکریەکانی دەخاتە ڕوو. لە ڕووی هونەریەوە شانۆیەکمان لە ناو شانۆدا بە نمایش دەکات و ستێجەکێشی نەخشانەیەکی دەڕوونیە. لە ڕووی فیکریشەوە شەشی فەرانسی دەکاتە پاساوێك تا لەو مەژووەوە بتەوە و باسو خواستك لەسەر شەشکانی سەدەی بیست دروست بکات و تەوانینە جیاوازکان لەبارەی چەمکی شەشەوە بخاتە ڕوو. بە ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر شانۆی تەماری (المسرح التسجيلي) و گرنگترین ڕووداوەکانی شەشی فەرانسیمان بە دەگەڵتەوە و بە تەکنیکی جەراوجەر و جیاواز لە گەرانیەوە بە دیکەر، لە جووڵەی ئەکتەرەوە بە ڕوونا کی، وێنە و دیمەنەکانی شەشمان نیشان دەدات.

ئەوەی کە ئەم شانۆیە پشت بە ڕووداوی ڕاستەقینە دەبەستێت بە مانای ئەوە نایەت کە نووسەر خەریکی نووسینەوەی مێژوو بێت، بەکو ئەم تەکنیکە دەکاتە ئامرازێك بۆ خستنە ڕووی بابەتگەلی سیاسی و کەمەڵایەتی و دروست کردنی ئیلتیزامی هونەر بۆ کێشە کەمەڵایەتیەکانی وەك چەوسانەوەی چینایەتی، ستەمکاریی و نەبوونی ئازادی . جگە لەوە قایس بە بەکارهێنانی تەکنیکی شانۆ لە ناو شانۆدا دیاریێت بینەر لەگەڵ ڕووداوەکاندا تەکەڵە نەبێت و لە بیری نەچێتەوە کە خەریکی سەیرکردنی نمایشکی شانۆیە و بەمەش بواری بیرکردنەوەی بۆ بەڕخسێنێت. دەرهێنەر هیوا فایق هەر لە یەکەمین ساتەوەختی نمایشکەدا ئەمەی بە جوانی نیشان دا کاتەك کە گەڕپی ڕووناکی هۆڵ دەبێت، مارکێز دوساد هاوار دەکات هەشتا دەستمان پێ نەکردووە. لە چەند دیمەنکیتریشدا و لە ڕێگەی گەڕینی دیکەرەوە زووزوو ئەوەی بەبیر دەهێنانەوە کە ئەمە خەریکی بینینی شانۆیەکین.
ناونیشانی تەواوی شانۆیەکە بریتیە لە (ئازاردان و تیرۆرکردنی ژان پۆڵ مارا بەو جۆرەی کە تیپی نواندنی نەخشخانەی چاینتۆن بۆ

سەرپەرشتی بەرز دی ساد پشکشی کرد) و ئەکتەرەکان کەمەک نەخشی دەروونیین کە لە نەخشخانەی چاینتان کەوتوون. دەرهێنەری شانۆیەکە مارکیز دوسادە کە چۆکی زەر لە ئازاردانی مرۆڤ دەبینێت و گەلەک کتێب و نووسینی هەن کە تیایاندا ستایشی ئازار دەکات، هەبەتە چەمکی سادیزمیش هەر لە ئایدیا و رەفتارەکانی ئەم بیرمەندەوە داڕژراوە.

مارکیز دو ساد و ژان پۆل مارا هەر بە تەنها دوو جەمسەری سەرەکی شانۆیەکە نین، بەڵکو بەرجەستەکەری دوو روانینی جیاوازن بە مانای شەڕش و بەهاکانی و دەسەڵات و رەهەندەکانی. ساد روانینێکی سیاسی – سێکسواڵیتی بە شەڕش هەیە (خێری شەڕش ئەبێت چی بێت گەر نێر و مێ تێک نەئاڵێن)، ئەو دەسەڵاتەیشی کە وەک دەرهێنەری شانۆنامەکە پێیدراوە لە نمایشکردنی ئازار و ئێشکەنجەدان و تانانێت ئیغتیساب کردنی یەکێك لە نەخشەکان(کە یەکێک بوو لە دیمەنە هەر بوورەکانی نمایشەکەی کەی شانۆی با) رەهەندێکی سایکۆلۆژی دەبەخشنە دەسەڵات و رووداوەکانی دوای شەڕش و تانانێت کردەی تیرۆرکردنەکەی مارا.

ژان پۆل ماراش لە ڕەگەی پاپشتیکردنی هیوا و ئاواتە بەدی نەهاتووەکانی کرێکاران و هەژاران و ئازادیخوازەکانەوە نێك وەك خۆنەژێك، بەڵکو وەك سەرکردەیەکی سیاسیی چەپەو دەردەکەوێت، کە جەماوەر چاوی ئومێدیان تێ بڕیوە و باوەڕی بەوەیە بە هێز دەتوانرێت دادپەروەری و ئازادی و یەکسانیی بەدی بهێنرێن و دەکرێت لەو پێناوەشدا خوێن بڕژێت ئەمەشیان رەهەندێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی دەبەخشێتە دەسەڵات و شەڕش.

پیتەر قایس لە ڕەگەی ئەم شانۆگەرییەوە رووداوەکانی شەڕش و بڕئومێدیەکانی دوای شەشمان بە دۆگمەتەوە و دەمانباتەوە بە سەردەمی ناپلیۆن کە شەڕش بە تەواوی سەرکوت کراوە و ناپلیۆن بە دەستکی پۆڵایینەوە دەسەڵاتی گرتێتە دەست. هەر بۆیە کاتێك کە ئەکتەرەکان لە دەقەکە دەردەچن و حەماسەت دەیانگرێت، کەمی کە بەرەوبەری نەخشخانەکەیە رایان دەگرێت و داوای لێبووردن لە ئامادەبووان دەکات؛ لەرشدا جگەلەوەی وەك بەرەوبەرکی مرایەکەر بە دەسەڵاتی ناپلیۆن دەردەکەوێت، هەروەها لە تۆگەیشتنە فکەییەکە بە رەڵی نەخشخانە و زیندانەکان لە کۆنترۆڵ و سزادانی نەخش و بەندکراوەکان نزیکمان دەکاتەوە. بەوشدا کە بەرەوبەری نەخشخانەکە ڕەمزی دەسەڵات وسیستەم، بۆیە دووبارە بوونەوەی دیمەنەکانی دەرچوونی ئەکتەرەکان لە ریتم و سیاقی شانۆیەکە و هەوڵی کۆنترۆڵ کردنەوەی لایەن بەرەوبەر و کارمەندانی نەخشخانەکەوە، وەك ڕەمزێك بە هەوڵ و تەقالاکانی مرۆڤ بە دەرچوون لە سیستەم و تێپەڕاندنی و کاردانەوەی سیستەمیش بەرامبەر بەو

هەوڵانە، لەگەڵ بدەینەوە. بۆیە بۆ مانایەکی دیکەی دەکرێت بڵێین ئەکتەرەکان، نەخۆشی دەروونی نین، بەڵکو ئەو شێوازانن کە رژێم و دەسەڵات وەک سزایەک لە نەو نەخۆشخانەی دەروونیی تووندی کردوون. ئەوە بۆیە ژان پێڕ مارا چەندین جار حەماسەت دەگێڕێت و وەک شێوگەلێک قسە دەکات و تێنانێت لە کۆتایی شانۆیەکەیشدا کاتێک لە دیمەنێکی درامی و کاریگەردا مارا دەکوژرێت ئەکتەرەکان هەرش دەبەن بۆ بەرەوبەری نەخۆشخانەکە.
ئێم نمایشەی کۆی شانۆی با، وەک نواندن و کارە هونەرییەکانیتری وەک دیکۆر ، مۆسیقا و ڕووناکی ، هەوە و ماندووبوونەکی زۆری تیا ئەنجام درابوو. بە نمونە نواندن و جووڵەی ئەکتەر ، لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بووون. جووڵەی جەستە جگە لە لایەنە ئیستاتیکییەکەی تەواوکەری حیواریش بوو. زۆربەی ئەکتەرەکان جەستەیەکی نەرم و جوموناستیکییان هەبوو کە ئەمە هەزێکی زۆر دەدا بە کاری نواندن. مۆسیقاش، کە نەوا موکورجی بە پیانۆ ئەدای دەکرد و بەشێک بوو لە نمایشەکە، ڕەهەندێکی ئاهەنگسازییانەی دابوو بە نمایشەکە، هەندێکجار دەبووە حیکایەتخوانێکی ڕووداوەکان و هەندێکجاریش دەبوو بە ڕیتمێک بۆ جووڵەی ئەکتەرەکان. هەبەتە وەکو ئاواز و دەنگیش چڕ و جوانییەکی زۆری دابوو بە نمایشەکە.
دیزاینی گشتی سەر شانۆ، مەقسەدەکی لە دەرچێت سیمایەکی وای پێوە نەبوو کە دەربڕی دەخی شێوش یا فەزایەکی فەنتازیانە بێت. بەڵام دابەش کردنی پلیکانەکان، کە ڕەمزی دەسەڵات یا گەیشتنە پێی لەلای ڕاست و قاوشی نەخۆشخانەکە، وەکو شوێنی شێوگەلێک نەخۆشەکان، لە لای چەپ و ئەو ڕەنگە شینەی کە پێی درا بوو کە ڕەمزی حوزنە و پاشانیش حەوزەکە کە زیاد لەبەکارهێنانەکی هەبوو، هەموو ئەمانە ئەو لاوازییەیان شاردبووەوە کە ئاماژەم پێی کرد. لەمە زیاتر لەسەر نمایشەکە ناڵێم و وردەکارییەکان بەجێ دەهێڵم بە شانۆکاران.

کورد و شانۆیی مارا – ساد

پرسیارە بەردەوامکانی کارەکتەرکانی شانۆیەکە ئەوەیە: شێوش بۆچی بە ئەنجام نەگەیشت؟ چۆن بەردەوامی بە شێوش بدرێت؟ ئایا شێوش کردەیەکی کەمایەتی و دژکیبە یا زاتی و ناوەکی؟ بەڵام خۆ ئەوە بە تەنها پیتەر قایس و ئەکتەرکان نین کە ئێم پرسیارانە دەکەن. بەڵکو پرسی شێوش و بۆها و ئامانجکانی، مەرج و ئەنجامکانی و … هتد هەر لە ئەفڵاتون و ئەرستۆوە تا بە ڕۆژگاری ئەمەمان دەگات کۆکەی بیر و فەلسەفەی سیاسی بووە و بە قەولی هانا ئارنێت کۆشێکی سەنتەریی سیاسەتە و ئەوش کە هەتا ئێستا

پرسی شۆشی بۆ گۆرمو گوێی هەشتنەوە هەڕەشەی قەکردنی مرۆڤ و ئومێدی رزگاربوونە(١).
لەم سەنگەرەوە دەتوانین بڵێین کورد لەگەڵ ئەم دوو دەستواژەیەی قەکردن و رزگاریبدا ئاشنایەتییەکی زۆری هەیە. هەر بۆیە نوخبەی سیاسی و رۆشنبیری کورد بەردەوام دەیانەوێت جووڵانەوە چەکدارییەکان وەك شۆڕش وێنا بکەن و ئەم وێنایەش لە مێشکی مرۆڤی کوردا بچەسپێنن. ئامانجی ئەمەش لە رووی سیاسییەوە دابەشکردنی کۆمەڵگەیە بەسەر بەرەی شۆڕش و دژە شۆڕشدا و ڕواڵەتیدانە بە زاتی شۆڕشگێڕ بەچینەوەی دەستکەوتی سیاسیی و ماددی و دروونەوەی سەرانی دژ بە شۆڕش. لە رووی سایکۆلۆژیشەوە زەوتکردنی زاتی ستەملێکراوی کورد تا لە پرسەی هەڕەهاتنی لە زاتی خۆیدا لە نێو زاتی فەرمانڕەوا کوردەکیدا بتووێتەوە و نەتوانێت بازنەی ئایدیا و جیهانی فەرمانڕەواکەی تێپەڕێنێت(٢). بۆیە ئەم نوخبە سیاسییە هەر بەتەنها بە تێرێزکردنی ئەم روئیایەوە ناوەستێت، بەڵکو لە ڕەی هونەر و ئەدەبیشەوە ئەم تەماهییە لە نێوان ئەو جووڵانەوانە و چەمکی شۆڕشدا تەختر دەکاتەوە و ئەو ڕەخنانەش کە لەم سیاقەدا لێی دەگیرێ، کە شانۆگەری مارا – سادیش هەر لەم سیاقەدایە، نەك هەر نیگەرانی ناکەن بەڵکو بەهێزیشی دەکەن. چونکە هەر هیچ نەبێت شکڵی شۆڕشگێڕیی پێ دەبەخشن و مێژوویەکی بۆ دروست دەکەن، مێژووی شۆڕشکانی کورد!!، کە لە بنەڕەتەوە هەر بوونی نییە.
کاری فیکر، هەروەها هونەر و ئەدەبیش، لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا تێکدان و شێواندنی ئەو وێنایەیە کە نزیکەی یەك سەدەیە جووڵانەوە سیاسی – چەکدارییەکانی کورد لەژێر ناوی شۆڕشدا لە ئەندێشەی مرۆڤی کوردا دەی چەسپێنن. گۆڕینی ڕێچکە و ئاراستەکانی مرۆڤ لە گۆڕان بۆ شوێن بەهەشتەوە بۆ پێیجووری کردنی جەهەنەم. ئەوەی کە قۆشە(جاك ڕ) قاچکی رووەو ئاسمان هەڵدەبڕێت و پێنا دەباتە بەر شەیتان تا نەك بۆ تەنها حوکمی جەهەنەم بەڵکو حوکمی زەویش بکات، لەبەرئەوەیە کە دەسەڵاتدار و سەرمایەدارەکان هەموو پیرۆزییەکان و خودا و بەهەشتیان داگیر کردووە و لە ڕێگەی ملکەچ پێکردنیانەوە بۆ خودا، لە پێناو چوونە بەهەشت، ملکەچی مرۆڤیان بۆ دەسەڵات وسیستم بۆ دەست هێناوە. لە ڕێگەی بۆ پیرۆزکردنی خوداوە پایەکانی دەسەڵاتیان پیرۆزکردووە. چونکە ملکەچ بوون بۆ خودا هیچ نییە جگە لە دەڵالەتێکی ڕەمزیی بۆ ملکەچ بوون بۆ دەسەڵات و سیستم. ئەگەر بەهەشت دوا مانزڵی مرۆڤ ملکەچ و کۆیلەکان بێت، کەوایە دەبێت مرۆڤی یاخی لە سیستم و دەسەڵات، مرۆڤێکی جەهەنەمی بێت، ڕەگەزێکی فاوستییانە لەگەڵ پرۆمیسیسدا(*) مەر بکات بۆ گەیشتن بۆ دوا مانزڵ کە جەهەنەمە. شۆڕشکان و دەسەڵاتدارەکان تا ئێستا

مرۆڤیان بە ناوی رزگاری و ئازداییەوە بردنەوە بە مەملکەتی کێلەکان" بەهەشت". ئەم وێنە و رەگەز ئاوێزووە بەرهەمی سیستمێکی مەعریفییە کە وابەستەی سیستمێکی ئابووری – سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ستەمکارە. بۆیە جەهەننەم وێنە راستەقینەکەی مەملەکەتی ئازادی و رزگاریی و شوینی مرۆڤی یاخی و بیرکەرەوەو ئازادە.

پەراوێز:

١. حنا ارندت، " في الثورة" ترجمة عطا عبدالوهاب، الطبعة الاولى ، بيروت، ٢٠٠٨، ص ١٣٠.
٢. د. مصطفى الحجازي، التخلف الإجتماعي او مدخل الى سيكولوجية الإنسان المقهور، الطبعة التاسعة بيروت، ٢٠٠٥، ص ١٢٣.
• پرەمسیەس لە ئەفسانەی یۆنانیدا بەرامبەر ئینکی لە ئەفسانەی سۆمەری و لەسیفەر(واتە هەڵگری ڕۆشنایی)ی گەورەی فریشتەکانە لە باوەڕی مەسیحییەتدا، هەموویان لە فەرمانی خواوەند یاخی دەبن و دەبنە هاوڕێی مرۆڤ. لە شانۆیی (د. فاوستس)ی کریستۆفەر مالرەدا لەسیفەر بە د. فاوست دەڵێت:" ئەگەر ڕەکوتنەکێت لەگەڵماندا مەر بکەیت، دەبمە کێلەت و چیت دەوێت بێت دەکەم…".

http://hasanhosen.blogspot.com

وێنەکە: دیمەنێك لە (شانۆیی مارا – ساد)ی کۆی شانۆی با

قەیرانی دارای دەرئەنجامی گەندەڵییە لەداهاتی گشتی هەرێم … جەزا ئەحمەد فارس

سەرکردە سیاسیەکان خەکی هەرێمی کوردستانیان توشی قەیرانکی گەورە کرد چونکە ئەوان فێری ئەوە بوون لە یەك کاتدا سەرجەم داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و بەشکیش لەو بودجەیەی کە لە عێراقەوە دەهات بەشوەیەکی نایاسای بە خێیان بەرن.
بۆیە کاتك کە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆا سەرەتای قەیرانەکان

دەستیان پێکرد، سەرکردە سیاسیەکان لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە بری ئەوەی لەخەمی ئەوەدا بن کە قەیران دروست نە بێت کەوتنە دروست کردنی چەندین قەیران ، خەڵکی هەرێمی کوردستان هەرگیز پێش بینی ئەوەی نەکرد بوو کە گەندەڵی سەرکردەکان گەشتبێتە ئاستێك دەست بەرن بێ قوتی منداڵەکانیان و موچەکانیان بێ بکەن بە ڕوبعە موچەو وە دواترش لە بری مانگانە بڵیان بکەن بە چەند مانگ جارێك.
کێشەی بنەڕەتی لە دروست بونی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناشەفافیەکی زۆر لە داهاتی گشتی هەیە بە شێوەیك گروپێکی بچوك کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردووە بۆ خۆیان و تەخشان و پەخشانی داهاتی گشتی دەکەن بەمەش یاری بە چارەنوسی موچەی فەرمانبەرانەوە دەکەن.
بەدروست بوونی قەیرانی دارای لە هەرێمی کوردستان ڕووی راستی پیاوە سیاسیەکانمان بۆ دەرکەوت ئەوە ڕوونبوویەوە کە ئەوان چەند پیاوێکی بچوکن ئەوان هێندەی بازرگانن و خەریکی بازرگانین بە سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان نیو هێندە پیاوی سیاسی راستە قینەنین کە لە خەمی خەڵکەکەی خۆیاندا بن و بیانەوێت خزمەتیان بکەن.
لەم قەیرانەوە تێگەشتین کە ئەوانەی لەم هەرێمە سیاسەت ئەکەن بەکەڵکی فەرمانەوای نایەن و سەرکردە سیاسیەکانی ئێمە جگە لە گروپێکی نادیموکراسی قڕخکار زیاتر هیچی تر نین .
داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەگەر بە شێوەیەکی شەفافانە بخرێتە ڕوو ئەوە بێگومان ئەم داهاتە بەشی سەرجەم تێچووەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.
لە بەر ئەوەی ناشەفافیەکی زۆر لە داهاتی ناوخۆی هەرێمی کودستان هەیە ، خەڵکی بەتەواوەتی بێئومێد بوون لەم دەسەڵاتە چونکە هیچ ئیرادەیەکی ڕاستەقینە بوونی نیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان.

گروپێك لە سەرکردە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردوە و یاری بە چارەنوسی خەڵکەوە دەکەن.
بۆئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەو قەیرانانە ڕزگار بکرێن دەبێت ئەو گروپە بچوکەی کە کۆنترۆڵی داهاتی گشتی ئەم هەرێمەیان کردوەو ئاراستەی سیاسەتەکانی حکومەت بۆ بەر ژەوەندی خۆیان دەکەن بەهەرشێوەیك بێت دور بخرێنەوە لە دەسەڵات چونکە بە بەر دەوام بوونی ئەم گروپە قڕخکارە ئەوە قەیرانەکان هیچ ئاسۆیەکی چارەسەریان نابێت و وە ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش ئەم قۆناغە تێبپەڕێنین ئەوە بێگومان توشی چەنید قەیران و نەهامەتی ترمان دەکەن.
ئەم گروپەی کە ئێمەیان توشی ئەم هەموو نەهامەتی و قەیرانانە

کردوه خاوەنی داهاتێکی زۆرن کە بەشێوەیەکی نایاسای ئەو داهاتەیان پێکەوە ناوە و لە بانکەکانی دەرەوە هەڵیانگرتووە بە ناوی خێیان و خزم و کە سوکاریانەوە.
مەترسی گەورە بریتیە لەوەی کە ئەم گروپە بچوکە بە بەر نامە کار لە سەر ئەوە دەکەن کە خەڵکی ئەم هەرێمە هەژار و برسی بکەن بۆ ئەوەی وەك کێلەی خێیان بە کاریان بیە نن وە ك چۆن مامەڵە بەداهاتی گشتی ئەم هەریمە و ئاراستەی سیاسەتەکانە حکومەت دەکەن ئاواش خەڵك ناچار بکەن کە بیان خەنە خزمەتی خێیانەوە .
لەکۆتایدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی کاکردنیدا دوور لە هەموو بنەماکانی ئەخلاق و پێوانە عەقلانیەکانی زانستی سیاسی مامەڵەی کردووەچونکە لەسەرەتای دروست بوونی ئەم هەرێمەوە گروپێکی بچوك کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردوە و ئەوان بۆیار لە سەر چارەنوسی ئەم هەرێمە دەدەن.

کتێبی ڕەهەندەکانی مردن لە نووسینی سمکۆ محەمەد، ئێستا لە کتێبخانەکانی کوردستان دەستدەکەوێت

مردن حاڵەتێکی مەحاڵە دەربازبوون لێی، بەڵام خوێندنەوە بۆ مردن وەکو چەمك کە بەرەو نەمانە پەیوەندی بە نهێنی بوون و ژیانەوە هەیە، مەحاڵی مردنی دوای کۆتایی بوون و ژیان، ئەو ترسەیە کە فەیلەسوفەکان ترسیان لە مردنی ڕوحی هەبووە وەکو پێوەرێك بۆ چاکەکاری لە ژیاندا، کەواتە هەموو تێگەشتنەکان لە کۆنەوە تائێستا ترسی دوای مردن بووە کە دەەرنجامی ئەوەبوو کەس نەیزانیوە چی ڕووەدات، بۆیە ڕاپرسیەك لە دەیەی دووەهەمی هەشتاکان لەسەر مردن لە ئامریکا کراوە، ئەوکات 40% خەڵك پێیانوایە کۆتایی هەموو شتێکە و 40% دیکە پێیانوایە سەرەتایەکی تری ژیانە و 10% پێیانوایە کۆتایی ئازارەکانی ژیان و 10% گوتویانە نازانین و هیچ بیرۆکەیەکمان لەوبارەیەوە نییە.

ئەم راپرسییە ئەگەر ئێستا بکرێت، ڕەنگە وەڵامی دیکەمان چنگ بکەوێت، هەندێك ڕەنگە بڵێن ئەمە موعجیزەیەکە خوا نیشانمان دەدات، چونکە کارەکانمان باشەی تیانییە، هەندێك بڵێن ڕوح هەر دەمێنێت، کەواتە مردن بەشکە لەژیانی ئەوانی تر، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ڕچکە و ڕگەیەکی دیکەی وەرگرتووە، هەندێك وەکو حاڵەتکی سروشتی وەریدەگرن و هەندێکی ناسروشتی، چونکە وەڵامی دوای بوون نییە.

لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم چەمکەدا لێکۆڵینەوەیە لە بوون وەکو چیرۆکیکی بێ بەها و ئەپستراکت کە لەئەنجامی بەناو عەقلانیەت و پیشکەوتن و سیستمی نوێی سیاسی کە ژیانی دیاریکردووە و ئاوهاش مەرگی بەکێی دیاری کردووە، بوون واتە ئەو بوونەی ئێستا هەیە، کارێکی کردووە کە ناوەڕۆك لەدەستبدات و مردن بکات بە هەواڵێك و هیچی تر، لەبارێکی دیکەوە مردن خەریکە لەبەهاکەی خێی دەردەچێتە دەرەوە بەگشتی و لەم کۆمەڵگەی کوردستانیەش خەریکە زۆر بەهێمنی و بەبێ موناقەشەیەکی فکری و فەلسەفی ئەو فەزایەی هەموو پێکەوە گەمەی تێدادەکەین بەبێ ویستی خۆمان، بەسەر دەچێت، لەکاتێکدا تەنها بێ پەیداکردنی سەرچاوە بێ ئەم نوسینە، زیاتر لە 60 کتێب و وتار و لێکۆڵینەوە و سایت و فیلم و دیکۆمێنتاری جودام بینی کەهەندێکیان کوردی بوون، ئەمە جگە لەوەی کە لەنێو داستان و شیعر و ئەفسانەکان، دەیان کەناڵی دیکە هەن کە قسە لەسەر شێوەکەی دیکە تێگەیشتن لە مردن دەکرێت لەدەرەوەی ڕشنبیری کوردی، لەحاڵێکدا هیچ میللەتێك بەبارتەقای کورد ئەوەندەی باس لە مردن و نەمری دەکات، نەتەوەی دیکە بەو شێوەیە سەرقاڵی ئەوە نین، چونکە ئەوان ژیان وەکو خێی بەڵێدەکەن و بەمەرامی خۆیان گەیشتوون و دەژین وەکو ئەوەی ژیان پێویستی پێیەتی، ڕەنگە هەر ئەم پاساوەش بێت کە وایکردووە مردن مانایەکی تری وەربگرێت، نمونەش موبارەزە و شۆشی کوردستان بووە کەناوی پێشمەرگەی وەکو سیمبول هێشتەوە کە لەدونیادا نەتەوەیەکی دیکە و کۆمەڵگەیەکی دیکە نەماوە بڵێت دەمەوێ بمرم، مەگەر بەووە نیگەتیڤەکەی کە کردەی تیرۆریستیە یان بۆزار بوونە لە ژیان وەکو ئەوەی لە ڕۆژئاوا هەیە. بەم تێگەیشتنە فکرییەکە خنکێنراوە و مەسەلەی فکری بەهەر بیانوویەکی سیاسی بێت یان ئاینی و کولتووری لەرووی ڕساوە پاکێجێکی داخراوە و نابێت مانا جیاوازەکانی ئاشکرا بکرێت و پاکێجەکە بکرێتەوە و خەڵك و بەتایبەتی نەوەکانی داهاتوو شارەزای ئەو بیرکەیە بن.

ئارەزوو کردن بێ مردن و خۆ کوشتن لەداخان یان حاڵەتی دەروونی، هەروەها کوشتنی بەکۆمەڵ کە جێنسایدە و مردنی بەکۆمەڵ کە بەرئەنجامی حاڵەتی سرشتیە و مردن بە نەخۆشی و مردن لەرگەی شەڕ

و شۆڕەوە و کوشتنی بەمانا یاسایی و نایاساییەکەی کە هەندێکجار حکومەت لەپشتیەوەیەتی، کوشتن لەپێناو پاکبوونەوەی ئەخلاق و شەرەف و لەپێناو خۆشەویستی و لەپێناو پێنسیپێکی دیاریکراوی ئاینی و سیاسی و ئیدیۆلۆژی و هتد، هەمویان مردنن. بەڵام هەریەکەیان مانای خۆی و پێناسەی خۆی و شیکردنەوەی تایبەتی خۆی دەوێ. ڕەنگە لەباری دەروونیەوە قسەیەك هەبێت لەباری ئاینیەوە قسەیەکی تر، لەباری فکرییەوە موناقەشەی لەسەر بکرێت بەڵام لەباری یاسایەوە موناقەشەی لەسەر نەبێت.
خۆکوشتنی تاکەکان کە مژوو بەهەموو شێوازەکانیەوە تۆماری کردووە، بەشێکە لەچیرۆکە نەگۆڕاوەکە بەڵام ئەوەی کەبەناوی خۆکوژییەوە خەکیش لەگەڵ خۆیدا بەکۆش دەکات بەبێ ئەوەی مانایەکی هەبێت و ئامانجێکی هەبێت و ویستی گشت بێت دەبێتە بکوژ بەناوی خۆ کوژەوە، بەڵام ئەو خۆکوژیەی پشوو یان ئوەی کەسێك بەتەنها خۆی لەناو دەبات و بێهیوا دەبێت لەژیان، کە جۆرێکی دیکەی مردنە و بابەتێکە پەیوەندی بە ویست و بە بێزاری لە ژیانەوە هەیە، ئەم دیاردەش بەدەیان ستایلی هەیە کەهەرکەیان مانای خۆی هەیە، خۆکوشتن لەسەر بەیەك نەگەیشتنی دوو خۆشەویست و خۆ کوشتن لەبەر بێچاری و بێدەرامەتی و خۆکوشتن لەدژی دوژمن و خۆکوشتن بەهۆی حاڵەتی ناتەندروستی سایکۆلۆژیەوە، خۆکوشتنی سیاسی کە بۆ تاك نیە و بۆ حیزب و گروپی سیاسیە، خۆکوشتنی ئابوری کە جۆرە دڵانێکە لە سیستمی سیاسی ئابوریدا و دەیان شێوەی دیکەی خۆکوشتن، لایەنێکی دیکەی ئەم باسەیە. ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای ڕسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بە قەبارەیەکی مامناوەندی و لەدوتوێی 170 لاپەرەدا چاپی کردووە و لەبازاڕی کتێبخانەی کوردی دەستدەکەوێ.

سمکۆ محەمەد
حوزەیرانی 2016

کاراکردنەوەی پەرلەمان واتە

کاراکردنەوەی بەرژەوەندی حیزبەکان نەك خەڵکی کوردستان … نەجم محەمەد

زیاتر لەساڵێکە دەسەڵات و حیزبەکان باس لە کاراکردنەوەی پەرلەمان و ئاسایکردنەوەی دۆخەکەو پرسی سەرکایەتی هەرێم وهەڵبژاردنی پۆشوەختە و هەڵوەشاندنەوەی حکومەت دەکەن هەرهەموو ئەمانەشیان لەپێناو کاراکردنەوەی بەرژەوەندیە سیاسی و دارایەکانی خۆیانداوەت ومەبەستە نەك ئاڵوگۆڕی جدی و ڕیشەیی لە باروگوزەرانی خەڵکی ونەك خۆش گوزەرانکردنی خەڵك و پشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەخەڵکی کوردستان هەربۆیە کاراکردنەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردن و دابەشکردنی پستە حکومیەکان وسیادیەکان گەمەیەکە بۆ فریودانی خەڵکی وبەهێزکردنی پگە حیزبیەکانی خۆیان لەپێناو زیاتر فریودان وسەرکوتکردن وپشێلکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان هەربۆیە نابێت خەڵکی کوردستان بەپەیام و کۆبوونەوە و ئاگەیاندنەکانی دەسەڵات وحیزبەکان فریوو بخۆن وباوەڕبکەن وخۆش حاڵو خۆش خەیاڵ بن دەبێ خەڵکی کوردستان بەجیا لە دەسەڵات و حیزبەکان بۆیاربدات و قسەو داواکاری خۆیی هەبێت لەسەرشەقام .

